بە زانست بەهێزین

| | |
|---|---|
| **زانستپەروەرانی کورد ٢٠٠٣** | www.zkurd.org |
| **کوردئایتیگرووپ ٢٠٠١** | www.kurditgroup.org |
| **چاوگ ٢٠٠٧** | www.chawg.org |

## گرووپە ئایتییەکانی کورد و چالاکییەکانیان:

1. دانانی تەختەکلیل (keyboard)ێک بۆ زمانی کوردی لەسەر بنچینەی جیهانیی (یونیکۆد Unicode) بەپێی تەختەکلیلی لاتینی و عەرەبی.
2. دروستکردنی پتر لە چل (جۆرەپیت font)ی کوردی لەسەر بنەمای یونیکۆد.
3. دروستکردنی "وەرگێڕ"ی جۆرەپیتی نایونیکۆد بۆ یونیکۆد بۆ فۆنتەکانی (دیلان، عەلی، پارس نگار، واژەنگار، یونیکورد).
4. دروستکردنی وێبگەیەک کە تیایدا هەواڵەکانی ئایتی بڵاو دەبنەوە، مەکۆیەک بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری خەڵک.
5. دانانی سیستەمی وێبلاگ weblog "یادداشتنامەی تاکەکەسی" و لێدوان comment بە کوردی.
6. دانانی فەرهەنگی سەرهێڵ (Dictio کوردی ئینگلیزی)، کراوەیە بۆ هەمووان.
7. دانانی فەرهەنگی (ئایتی IT)، لە بواری تەکنۆلۆژیای زانیاری. هەم بە شێوەی سەرهێڵ و هەمیش بە شێوەی کتێب.
   بەشداریکردن یان خستنەڕێی کۆمەڵێ پرۆژەی جۆربەجۆری وەک:

8. پرۆژەی فەرهەنگی گشتیی کوردی ئینگلیزی
9. پرۆژەی لایم-سێرڤێی LimeSurvey
10. پرۆژەی بەکوردیکردنی ئوبونتوو.
11. پرۆژەی وەرگێڕانی تویتەر (Twitter) بۆ زمانی کوردی
12. پرۆژەی سەرنووسەر CKEditor
13. پرۆژەی میدیامۆسا
14. پرۆژەی سیکیولەیت
15. پرۆژەی ئەدمینەر
16. پرۆژەی هاوکاری لەگەڵ زانکۆکانی کوردستان

17. پڕۆژەی مەکینەی وەرگێڕانی کوردی
18.پڕۆژەی جێنکینز
19. پڕۆژەی بەکوردیکردنی نەخشەی گووگڵ
20. پڕۆژەی بەکوردیکردنی گووگڵ
21. پڕۆژەی موودڵ
22. پڕۆژەی بەکوردیکردنی درووپاڵ.
23. بەشداری لە پەرەپێدانی نەرمەواڵە بۆ نووسینی کوردی لە ئامێرە نوێیەکانی وەک تەلفۆنی هۆشمەند (iPad, iPhone).
24. دانانی بگۆڕی ڕێنووسی کوردی ـ عەرەبی بۆ کوردی ـ لاتینی و پێچەوانەکەی.
25. نواندنی زمانی کوردی لە دامەزراوەی یونیکۆد، دێبیان، ژێدەرکراوە، و چەندانی تر.
26. نووسینی چەندین بابەتی ئەکادیمی لە بوارە جیاجیاکانیدا و بڵاوکردنەوەی لە ئینتەرنێت و هەندێک گۆڤاری حکوومی و ناحکوومی لە کوردستان، هاوکاریکردنی دامەزراوە حکوومی و ناحکوومییەکان لەم بوارەدا.
27.دروستکردنی پردی گفتوگۆ لەگەڵ پەرلەمانتارانی کوردستان، وەزارەتی ڕۆشنبیری لە پێناوی ڕاژەکردنی زمانی کوردی.
28.پڕۆژەی تاقیکاری.
29. پڕۆژەی چێکردنی ماڵپەڕ لەسەر بنەماکانی HTML، PHP و هتد.
30. لەئەستۆگرتنی وەرگێڕانی سیستەمی کارپێکردنی لینوکس – ئوبونتوو Ubuntu
31. وەرگێڕان و ئامادەکردنی ویکیپێدیا Wiki – موسوعه - لە ئینتەرنێتدا بە زمانی کوردی، پڕکردنەوەی بە بەباتی بایەخدار.
32. تێهەڵکێشکردنی زمانی کوردی لە سیستەمە هاوشێوەکانی لینوکسدا، کارکردن بۆ زیادکردنی زمانی کوردی تیایاندا.
33. نوێ ڕاگرتنی تەختەکلیلەکان لە ئاست وەشانە نوێیەکانی یونیکۆد. دانانی تەختەکلیل بۆ سیستەمی ماک.
34. پێناسکردن و شیتەڵکردنی بوارە جیاجیاکانی کۆمپیوتەر بە شێوەی ویکی و دانانی مەکۆ بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان.
35. وەرگێڕانی سیستەمەکانی بەڕێوەبردنی ناوەڕۆکی وێبگەکان ( WordPress, PunBB, Vanilla, Wikimedia ... هتد).
36. پێشکەشکردنی بەرنامەی فێرگەی زمانی کوردی لە تەلەفزیۆنی ئاسۆسات لەلایەن دیاکۆ هاشمی وەکوو ئەندامی چالاکی ئێمە و ناساندنی یونیکۆد و تەختەکلیل و فۆنتی کوردی بە بینەران و هەروەها بایەخدان بە زمانی کوردی لە هەموو لایەنەکان بەتایبەت لە پێوەندی لەگەڵ ئایتی و تاوتوێکردنی هەموو کێشەکانی زمانی کوردی لە ڕووی زانستییەوە و خستنەبەرچاوی ئەو بابەتانە بۆ توێژێکی بەربڵاو لە ئەویندارانی زمانی کوردی.
37. هەروەها کۆمەڵێ کاری ڕاوێژکاریمان پێشکەش بە زانکۆکان و پەیمانگاکانی ناو کوردستان کردووە، چ لە ڕێگەی سمینار و چ بە پەیوەندیی تاکەکەسی لەگەڵ مامۆستایان و فێرخوازاندا.
38. کۆبوونەوە لەگەڵ ئەکادیمیای کوردی و فەرمانگەی ئایتیی کوردستان بۆ تاووتوێکردنی تەختەکلیلی کوردی و ئامادەکردنی زمانی کوردی بۆ بەشدارییبوون لە ڕەوتی پێشکەوتنەکانی بواری ئایتی و هتد.